




## ناساندنی سایتی

## www.wordle.net

ئینتەرنێت گوندە بچووکەکەی جیهان، هەر ئەوە نییە کە بنکەیەکی سەرەکی بێ بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری، ئێستا ئینتەرنێت گەورەترین زانکۆ و مامۆستایە و گەورەترین فێرگەیە بۆ هەر شتێك کە مەبەستت بێ فێری بی.

گەر نیازتە گۆڕانکاری بەسەر دەقەکانی نووسین دابێنی، سایتی http://www.wordle.net بکەوە. ئەو سایتە زۆر بە ئاسانی دەقێکی نووسین دەکاتە بەرهەمێکی هونەری. تەنیا ئەوەندە بەسە کە شتێکی تێدا بنووسی و پاشان فەرمانی Go دابگری.

دەکرێ، جۆری فۆنت، چۆنییەتی دانان و ڕەنگی دەقەکە بە ویستی خۆت بگۆڕی. یان فەرمانی Randomize دابگرە تاکو ئەوەی مەبەستتە دەیدۆزیەوە. لەو سایتەدا گەلەرییەکیش هەیە کە بەکارهێنەرانی سایتەکە دەقەکانی خۆیاندا تێدا خەزن کردووە. سەرنجڕاکێشترین لایەنی سایتەکە ئەوەیە کە دەکرێ بەرهەمە هونەرییەکە بە کۆپی کردنی کۆدەکەی بیخەیە سەر ماڵپەڕەکەی خۆتەوە.




# کۆنترۆڵکردنی کۆمپیوتەر لە دوورەوە

پرۆگرامی Netop Remote control دەکرێ بڵێین هەتا ئێستا باشترین و تەواوترین پرۆگرامە بۆ کۆنترۆڵ و خستنەژێر چاودێری کۆمپیوتەر لە ڕێگەی دوورەوە. بە یارمەتی ئەو پرۆگرامە دەکرێ هەر کۆمپیوتەرێك کە بە ئینتەرنێتەوە پێوەندی هەبێ لە دوورەوە لەلایەن کۆمپیوتەرێکی دیکەوە کۆنترۆڵ بکرێ. بۆ نموونە هەر کاتێك کۆمپیوتەرەکەتان تێکچوو، پێویست ناکات بیبەیە لای کەسێك کە بۆت چاك کاتەوە، بەئاسانی لە ڕێگەی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێ ئیزنی دەستڕاگەیشتن بە کۆمپیوتەرەکەت بە کەسێکی دیکە بدەی تا بەبێ گرفت چاکی کاتەوە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بە ئاسانی کۆمپیوتەرەکە کۆنترۆڵ دەکرێ و دەچێە ناو پرۆگرامەکانییەوە. ئەو پرۆگرامە تەنیا بۆ سیستەمی کۆمپیوتەر دانەندراوە، بگرە لەسەر گشت سیستەمەکان تەنانەت ماکنتۆشیش دەگونجێت. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بەئاسانی دەکرێ فایل و داتاکانی سەر کۆمپیوتەرەکەت لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بگوازیەوە. ئەوەی جێگەی سەیرە تەنانەت دەکرێ لە ڕێگەی دوورەوە کۆمپیوتەرەکەت فۆرمات کەی و بچیە ناو بایۆسی کۆمپیوتەرەکەش. ئەگەر حەز دەکەی لەو پرۆگرامە بەباشی شارەزا بی و کارکردەکەی بزانی، دەکرێ لەو سایتە http:// www.netop.com بە خۆڕایی ئەو پرۆگرامە دابەزێنی.

# گوگل و گۆڕانکاری نوێ

گوگل بەردەوام لە گۆڕاندایە، ڕەنگە ئەوانەی بۆ یەکجاریش سەردانی ئینتەرنێتیان کردبێ بزانن گوگل، گەورەترین دینەمۆی بەدواداگەڕانە. سایتێکە هەرچی نیازت بێ بۆت دەدۆزێتەوە، جا وێنە بێ یان دەق، یان فیلم و...تاد. لە ساڵی 2001ەوە تاکو ئێستا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر گوگلدا نەهاتبوو، بەڵام لەم چەند ڕۆژەدا لە بەشی بەدواداگەڕانی وێنەدا گۆڕانکاری لە گوگلدا پێکهاتووە. ئەو خزمەتگوزارییە بە جۆرێك داڕێژراوە کە دەتوانی لە یەك لاپەڕەدا هەزار وێنە نیشان بدرێ. ئامانج لەو گۆڕانکارییە ئەوەیە کە بەکارهێنەری گوگل بەئاسانی ئەوەی نیازیەتی بیدۆزێتەوە. کلیك لەسەر هەر وێنەیەك بکەی، نوسخەی تەواوی وێنەکەت نیشان دەدات.



# خێراترین ماوسی گەمە لە جیهان



ماوس وەك كلیلی سەرەكی كردنەوەی كۆمپیوتەر و چوونە ناو پرۆگرامەكان سەیر دەكرێ، بەبێ ماوس، بەكارهێنەر وەك ئەو مرۆڤە دەچێ كە چاوی كز بێت و چاویلكەی پێ نەبێت، بخوێنێتەوە. لەسەرەتای داهێنانی ماوسەوە تاكو ئێستا هەندێك گۆڕانكاری بەسەر ماوسدا هاتووە، پێدەچێ لەداهاتووشدا ماوس و كیبۆرد گۆڕانكاری گەورە بەسەر جیهانی چوونە ناو كۆمپیوتەر ببینن. لەم دواییانەدا ماوسی Cyborg R.A.T.7 هاتە بەرهەم كە دەكرێ بڵێین باشترین و خێراترین ماوسە لە جیهاندا.


ماوسی Cyborg R.A.T.7 لەگەڵ هەموو پەنجەیەك دەگونجێت، چونكە بە ئاسانی دەكرێ بچووك و گەورە بكرێت. ماوسەكە لە ستیل دروستكراوە، تەواو لەبەرامبەر زەبر و كەوتنە خوارەوە خۆڕاگرە. ماوسەكە چەندین پۆرتی تایبەتی تێدایە بۆ پێكەوە پێوەند دانی ئامێرەكانی دیكەی كۆمپیوتەر، ئەو ماوسە بۆ ئەوانەی كە یاری كۆمپیوتەری دەكەن باشترین ماوسە، چونكە دوگمەكانی بە زیاد بەكارهێنانی تێك ناچن، گەر تێكیش بچن بەئاسانی دەتوانی بیانگۆڕی.

## IT و جیهانی پزیشکی

### پاش چەند ساڵی تر دەرزی لێدان نامێنێ


دەرزی لێدان لە جیهانی پزیشكی دا ئاسانترین شێوازە بۆ گەیاندنی دەرمانی چارەسەری نەخۆشییەكان، بەڵام منداڵان و تەنانەت گەورە ساڵانیش لە ئازاری دەرزی لێدانەكە دەترسن، هەندێك نەخۆش هەیە بەرگەی ئازاری نەخۆشییەكە دەگرێ، تەنیا هەر ئەوەندەی كە دەرزی لێنەدەرێ.

زانایانی پزیشكی لە بواری ITدا جۆرە لەزگەیەكیان بەرهەمهێناوە كە بە دانانی لەسەر پێست، ئەركی دەرزی لێدانەكە جێبەجێ دەكا، بێئەوەی كە بچووكترین ئازاری هەبێ. د.شان سالیوان، یەكێك لە پسپۆڕانی ئەو بوارە دەڵێت، گەر ئەو لەزگەیە شوێنی دەرزی گرتەوە، ئەوكاتە هەموو كەس دەتوانێ بەكاری بێنێ، دانانی لەزگەكە وەك دەرزی نییە كە تەنیا لە چەند بەشكەی جەستە دابندرێت، بگرە هەر شوێنێك لە جەستەدا دەكرێ ئەو لەزگەیەی لەسەر دابندرێت.



### تەکنۆلۆژییەک ژیانی نابینایان دەگۆڕێ

نابینایی و نەدیتنی جیهان و دەورەبەر، بۆ ئەوانەی كە بەو دەردەوە دەناڵێنن دەزانن چەندە بە ئازارە، تەكنۆلۆژیا و جیهانی پزیشكی لەمێژە هەوڵ دەدەن، هەوڵەكانیان بۆ گەڕاندنەوەی بینایی بۆ نابیناكان بێتە دی، بەڵام تا ئێستا سەری نەگرتووە. ڕەنگە پسپۆڕانی بواری IT گەر هەوڵی ئەمجارەیان سەربگرێ، ئیدی سۆما بۆ بینایی نابیناكان بگەڕێننەوە. لەم دواییانەدا پسپۆڕانی تەكنۆلۆژیای دیجیتالی سەردەم، شاشەیەكیان دروستكردووە كە بەتەواوی دەتوانی بینایی بگەڕێنێتەوە. ئەو شاشەیە توانیویەتی بینایی بۆ 150 كەس لە 200 كەس كە ئەو شاشەیان بۆ داندرابوو بگەڕێنێتەوە.





# ئەرک و فرمانی دوگمەکانی کیبۆرد باشتر بناسن

زۆر کەس، بەتایبەتی ئەوانەی کە شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەسەر کۆمپیوتەر نییە، لایان وایە دوگمەی Shift- Ctrl- Alt دوگمەکانی زیادین! بەڵام ئەگەر شارەزاییت بەسەر ئەو دوگمانەدا هەبێ، زۆربەی ئەرکەکانتان بۆ ئاسان دەبێت و کەمتر ماوس بەکار دەهێنن.

دوگمەی Alt:

گەر دوگمەی Alt دابگری و لەسەر ئەو فایلەی مەبەستتە دوو جار دابگری، لاپەڕەی Properties دەکرێتەوە. دوگمەی Enter دابگری، Tab دابگری و هەر لەوکاتەدا دوگمەی Alt گەر دوگمەی ئەوکاتە لاپەڕەیەك دەکرێتەوە کە ئەو فایلانەی کراونەتەوە نیشان دەدات و ئێوە بە ئاسانی دەتوانن کام فایل مەبەستتانە هەڵبژێرن.

دا یان لە ئەو پرۆگرامانەی کە ئەرکی office گەر لە پرۆگرامەکانی دابگری، لەسەر هەر Alt کردنەوەی ئینتەرنێتیان بەئەستۆیە، دوگمەی و پیتە Alt تولبارێك پیتێك بەرجەستە دەبێ، بە داگرتنی دوگمەی بەرجەستە بووەکە دەکرێ فەرمانەکە جێبەجێ بکەی، بۆ نموونە بە داگرتنی دوگمەی Alt+ F تۆلباری file دەکرێتەوە.

و Alt دا بە داگرتنی دوگمەیInternet Explorer لە دوگمەکانی چەپ و راست و خوار و سەر، کە هێمای سەهمیان هەیە، دەتوانی لاپەڕەیەك بچیە پێشەوە یان بچیە دواوە. بە داگرتنی دوگمەکانیCtrl+ Shift+ 2 دەتوانی نیو سپەیس بخەیە نێوان وشەکان. بۆ نموونە سەیری ئەم وشانە بکە: (نی‌یە. کوردستان‌دا). بە دەتوانی ئەم وشانە بەم ctrl+ Shift + 1 داگرتنی دوگمەکانی شێوەیە بنووسی: ا - خ - چ.

دەکرێ وشەکان درێژ بکەیەوە. Shift + J بەداگرتنی دوگمەی بۆ نموونە دوو وشەی ”کـــوردســـــتان. نـــیشـــــتـمـــان“. ئەوە هەندێك لە فەرمانەکانی ئەو سێ دوگمەیە بوو، لە داهاتوودا زیاتر باسی فەرمانی دوگمەکان دەکەین.



# سوودی زیاتر لە فلاش میۆری وەربگرن

فلاش میمۆری دەکرێ بڵێین وەك باشترین ئامێری راگواستنی داتاکان دێتە ژمار، چونکە هەم قەبارەکەی بچووکە و هەم داتایەکی زۆر لەخۆیدا خەزن دەکا، هەموومان فلاش میمۆری تەنیا بەمەبەســتی راگواســتنی زانیاری و داتاکان هەڵدەگرین، لەکاتێکدا دەکرێ بە فلاش میمۆری چەندین ئەرکی دیکەش ئەنجام بدەین وەك:

1-فـــلاش میمۆری بکە بـــە میدیا ســـەنتەر: پرۆگرامی XBMC ڤێرژنێکی نوێی هەیـــە بەناوی XBMC Live کە فلاش میمۆری دەکاتە میدیا سەنتەر. واتە کۆمپیوتەرەکەت دەبێتە DVDی ماڵەوە.

2-گەر سیستەمی ئۆبۆنتۆی لەسەر فلاش میمۆرییەکەت دابنێی، بەئاسانی دەتوانی هەر شتێك کە لە ویندۆزەکەت دا تێکچووە، چاك بکەیەوە. لە رێگەی سیتسەمی ئۆبۆنتۆ دەتوانی ڤایرۆسەکان لەناو بەری، فایلە سڕاوەکان بگەڕێنیەوە...

3- دانانی پرۆگرام لەســـەر فلاش میمـــۆری: گەر بتهەوێ کۆمپیۆتەرەکەت زۆر قەرەباڵغ نەکەی و هاردی کۆمپیوتەرەکەت بە پرۆگرامەکان پڕ نەکەیەوە، باشـــترە پرۆگرامی تایبەت بە فلاش لەســـەر فلاش دابنێی، وەك فۆتۆشۆپی تایبەت بە فلاش، مایکرۆســـۆفت ئۆفیسی تایبەت بە فلاش. فایرفۆکســـی و گۆگل کرۆمی تایبـــەت بە فلاش، هەروەها دانانی گەمەی تایبەت بە فلاش.







# ئەلبومە دیجیتالییەکان بە پرۆگرامی ProShow Goldبسپێرە

پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا بەردەوام ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ژیانماندا پێك دێنێ. لەو نێوەدا ئەو ئەلبومانەی کە سەردەمێك گرنگترین بیرەوەرییەکانمان لەواندا تۆمار کراوە، گۆڕانی بەسەرداهاتووە و بوونەتە دیجیتالی. پرۆگرامی ProShow Gold یەکێکە لە باشترین ئەو پرۆگرامانەی کە بەمەبەستی دروستکردنی ئەلبۆمی دیجیتالی دروستکراوە. بە سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامە بە ئاسانی دەتوانی تەنیا بە دانانی وێنەکانتان لەو پرۆگرامە، یان دانانی فایلە مۆسیقییەکان جوانترین ئەلبوم دروست بکەن. ئەو پرۆگرامە زیاتر لە 280 ئیفێکتی جۆراوجۆری تێدایە، کە جوانییەکی تایبەت بە ئەلبومەکانتان دەبەخشن. بەو پرۆگرامە دەکرێ بە 40 فۆرمات ئەلبومەکانتان خەزن بکەن. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بە ئاسانی دەتوانی فایلە ڤیدیۆییەکان بکەی بە ئەلبومێکی دیجیتالی. بۆ ئەوەی کە ئەو پرۆگرامە بە خۆڕایی دابەزێنن ئەو لینکە دابگرن. www.photodex.com/downloads




## جیهانی یاری ئەلکترۆنی

**یاری ئەلکترۆنی بمانهەوێ و نەمانهەوێ پانتاییەکی بەرفرەی لە ژیانی رۆژانەی منداڵان و هەرزەکاراندا گرتووە، لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا نە تەنیا منداڵان و گەنجان بگرە، مرۆڤە بە ساڵداچووەکانیش خویان بە گەمەی ئەلکترۆنی گرتووە، لەمەولاو هەوڵ دەدەین هەر جارەی گەمەیەکتان پێ بناسێنین.**

## ناساندنی یاری Normal Tanks v1.02 Portable

لەو کاتەدا کە جیهان بەرەو سێ رەهەندی هەنگاو دەنێ، گەمەی ئەلکترۆنیش دەبنە سێ رەهەندی و لە بواری گرافیکیەوە دیقەیان زۆر بەرزە، لەو نێوەدا رەنگە هەندێك یاری هەبن کە دیقەیان زۆر لەسەرێ نییە، بەڵام زۆر سەرنجڕاکێشن. یاری Normal Tanksیش یەکێکە لەو یاریانە. رەنگە زۆربەتان بەبیرتان بێ، لە ئامێری ئەتاریدا یاری تانك هەبوو، یاری Normal Tanks هەر یاری تانکە، بەڵام ڤێرژنە پێشکەوتوو و سێ رەهەندییەکەی، ئێوە بە تانکەکەتان شەڕی ئەژدیها دەکەن، لەگەڵ خراپەکاران بەشەڕ دێن. لەو یارییەکەدا ئێوە خەڵات وەردەگرن. تایبەتمەندییەکی ئەم یارییە ئەوەیە کە پۆرتێبلە، واتە پێویستی بە ئینستۆل کردن نییە و هەروەها بۆ یاری کردن پێویست ناکات کۆمپیوتەرەکەتان زۆر پێشکەوتوو بێ.






www.gulan-media.com/it
بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514008
Email: it @gulan-media.com